**گفتوگۆ لەگەل یان تسیگلەر، پرۆفیسۆری سۆسیولوگی لە ژنێف و پاریس. جاران پەرلەمێنتارێکی حیزبی سۆسیال دیموکراتەکان بووە لە بێرن و نووسەری دەیان کتێبە. حیزبی سۆسیال دیموکراتی نەمسا، ئەم دیدارە لە تەکیدا کردووە.**



**س.د ئەکتوێل: ناوی کتێبە تازەکەتان( دەسەڵاتدارانی نوێی جیهان و نەیارەکانی). سەردارانی ئەو دەسەڵاتە، کێن؟**

تسیگلە: ئەوانە سەردارانی کۆنزێرنە بانناسیونالەکانن و بە گشتی بگوترێ: ئەو ئۆلیگارشییانەن کە لەسەر ئاستی جیهاندا، سەرمایەی دراوی جیهانگیر، کۆنتررڵ دەکەن. لە ساڵی2002، کۆنزێرنە جیهانی، پتر لە23,8ی دراوی گشتی جیهان کۆنترۆڵ کردووە_کەواتە، دەسەڵاتیان بەسەر ئەم پلانێتەدا هەیە کە پێشتر نە پاپا، قەیسەر و پاشایەك هەییووە. ئەمە مانای ئەوەیە، کێ ئەمرۆ کۆنترۆڵی سەرمایەی دراوی جیهانی، گۆڕین و مامەلەی سەرمایە دەکا، سەرتاپای جیهان و هەموو دەوڵەتانی ئەم سەرزەمینە کۆنترۆڵ داکات.

**پرسیار: ئێوە پسپۆڕی نەتەوە یەکگرتووەکانن لەبارەی مافی خۆراك. ئایا ئێوە پلانێکی گەورە بۆ کافی دابەشگرن هەیە؟**

وەلام: ڕۆژانە، 100 000مرۆڤ لە برساندا–لە بەر برسییەتی یان بەهۆی ئەنجامگەری ڕاستەوخۆی–ژیانیان لەدەست دەدەن. هەر 7چرکەیەك منداڵێك لە خوار تەمەنی10ساڵ برسی دەبێ. لە ساڵی ڕابردوودا، بە گوێرەی ڕاپۆرتی خۆراکی جیهانی، 846ملیون مرۆڤ لە ژێر کەمخۆراکی بەردەوامی سەخت بوون. کەواتە، کۆمەڵکوژی ڕۆژانە و هێمن دەکرێ، ئەمەش لە پلانێتێکدا ڕوودەدەن کە تێدا سەروەتی لێ دەڕژێ. هەر هەمان سەرچاوە، واتە ڕاپۆرتی خۆراکی جیهانی، کە کشتوکاڵی جیهانی لە بارودۆخی ئیمرۆیدا، دەتوانێ بە بێ کێشە، بەروبووم بە 12ملیارد مرۆڤ بەدا، واتە دووبەرابەری ژمارەی دانیشتیوانی جیهان. کەوات ئەوەی ئیمڕۆ بە هۆی برسێتی گیانی لەدەست دەدا، دەیکوژن. ئەوەی دەبێ بکرێ ئەوەیە کە مافی مرۆڤ لە خواردن، لە یاسای حکومەت و ڕێککەوتنە جیهانییەکان، دابین بکرێ–بەڵام ئێمە هێشتا زۆر لە سەرەتای ئەم هەنگاوەیەداین.

**پرسیار: پەکێك داخوازییە سەرەکییەکانتان کە بەردەوام دووبارەی دەکەنەوە ئەمەیە: هەڵوەشاندنەوەی(WOT). ئەی ئەڵتەرناتیڤەکانتان چییە؟**

وەلام: دەبێ WOT هەڵوەشێتەوە یان بە تەواوەتی ڕیفۆرم بکرێ. قبووڵکردنی ئەو ڕێککەوتنە کە ئێستا دەیانەوێت پێی بگەن ئەوەیە، ئەگەر هەموو کاڵاکان، سەرمایە، مۆڵەتەکان بە تەواوەتی لیبراڵیزمە بکرێن، ئەگەر هەموو خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە هەموو جیهان بە تەواوەتی پریڤات دەکرێن، کەواتە ئەگەر هەموو دەوڵەتەکان هیچیان پێنەکرێ و بازار خۆی خۆی ڕێکدەخات، ئەوکات دەڵێن، سەروەت بۆ هەمووان دابینکرا. ئەوە ستراتیژی ئەوانە. سەرتاپای ئەو بۆچوون، درۆیە. ئەگەر بازاڕی ئازاد بەکاربێ، دەبێ هەموو هاوکارەکان، بە هەمان ئاستدا، بەهێز بن– بەڵام وا نییە. ئەگەر وەڵاتی بەنین یان مالی لە بازاڕی جیهانیدا، لە دژی ئەلمانیا و یابان بکەنە کێبرکێ، ئەوا کەمترین شانسیشیان نابێ. ئەمە وەك ئەوە وایە، پالەوانی بۆکسی کێش قورس(میلکە تیسۆن) لەگەل بێکارێکی نیوە برسی لە باکووری بەرازیل یاری بۆکسان بکەن. ئەو کات،(WOT) دەڵێ، تەختی بۆکسانەکە بۆ هەمووتان یەك شتە، ڕێساکان بۆ هەردوو لایان هەمان شتە و ئێستا فەرموون کێبرکێی خۆتان بکەن. ئەنجامگەرییەکە ئەوەیە، هەژارەکان لەسەر ئەردەکە پان دەبنەوە.

ئەلفرید کوسنبەوەر پیاوێکی مەزنە و حاڵەتێکی خۆشبەختیە بۆ سۆسیال دیموکراتەکانی ئۆروپا. من دەمێکە دەیناسم: پیاوێکی خاوەن پرەنسیپ و زیرەکە. ئەو هەست دەکا، وەك ئەوانی تر، چۆن کۆمەڵە مەدەنییە جیهانییەکان وەك (بزووتنەوەی ئەتاك، بێ زەویەکانی بەڕازیل، ، فیا کەمپەسینۆ، و...هتد، زۆر بەهێز بوون(...)
من لەو بڕوایەم کە ئەرکی سەرەکی ئێمە ئەوەیە، پیشانی بدەین کە ئێمە هەمان دوژمنمان هەیە کە مرۆڤەکان لە بەنگلادش، تشاد و سۆمالیا...هتد برسی دەکا. ئەم ڕێکخستنی جیهانییە مرۆڤکوژە. ئەوەی تا ئێستا لێی هووشیار نین ئەمەیە: ئەوە هەمان دوژمنی ئێمەیە، تەنها ئەوە نەبێ کە ئێمە هێشتا ئاستێکی بەرزمان هەیە. بەڵام ئەگەر کۆنزێرنە جیهانییەکان بۆ نموونە، کار، نەرم بکەن- عەقدی گشتی نەبەستن، ناسنامەی فەرمانبەر نەمینێ، بەڵکو مرۆڤ دابمەزرێنن و فڕێ بدەن؛ ئەگەر بەبەردەوام18ملیون بێکار هەبێ لە 15دەوڵەتی وەڵاتی یەکگرتووی ئۆروپا و ژمارەکەیان بەرەو زیادی هەڵکشێ، ئەوا ئەمە نیشانەی هەمان ئەو کارەساتەیە کە بەشێوەیەکی تر خۆی دەنوێنێ. پریڤاتکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان کە قازانجێکی لەڕادەبەدەر بۆ چەند کەسێك دەهێنێ، زۆر مەترسیدارە. بۆ نموونە پریڤاتکردنی بواری کارەبا: لیبرالیزەکردنی کارەبا کارەساتئامێزە ئەگەر تەماشای لیستی نرخەکەی بکەین بۆ بەکارهێنەرەکانی؛ هێرشکردن بۆ سەر دەوڵەتی کۆمەڵایەتی، خانەنشینی و هەر وا...ئەمانە زیادەکەن.
ئەرکی سەرەکی سۆسیال دیموکراتەکان ئەوەیە، ناسنامەی ئەم بارودۆخە پیشان بدەن و بڵێن: ڕێکخستنی جیهانی لێوە ئەمە بە بەرهەمدەهێنێ و لەوێ ئەوە بە بەرهەمدەهێنێ، نەك بە ساکاری بڵێن، ئەوەی ئەوێ، باشووری دوورە!

پرسیار: لە کۆتاییدا: دەبێ چ بکرێ تا بتوانین باس لە سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە بکەین و چەندی تر دەخایەنێت تا ئەو سەرکەوتوانە ڕادەگرێت؟
ئەگەر کۆنزێرنەکان دەخرێنە ژێر کۆنترۆڵی ڕەسمی، تا خەڵك بۆ سەر شەقامەکان، ڕادەپەڕن و حکومەتەکان ناچار دەکەن سەندووقی جیهانی دراو و ڕێکخستنی بازرگانی جیهان هەڵدەوەشێننەوە. بۆ نموونە لەبارەی پرسیاری ئەوەی ئەم گەیشتن بەم داخوازییە چەندی تر دەخایەنێ، ئەوا مرۆڤ ناتوانێ بڵێ. ئەوە نهێنی ئازادکردنی ئازادییە لەناو مرۆڤەکان. ئەوە داڕشتنێك نییە، بەڵکو ئەوە بە شێوەیەکی مێژوویی وایە......

**تێبینی:1- تسیگەلە شیوعی نییە، کابرایەکی سۆسیال دیموکراتە و هەست بە مەترسیە جیهانییەکان دەکا و دەیەوێ سیستێمی کۆمەڵکوژی فرەشێوەی ڕۆژانە و بە دەنگ و بێدەنگی هەژاران لەسەر ئاستی جیهان، بە ڕێگای ڕیفۆرمکاری چارەسەریان بکا!.**
**2- زۆر کەم کورتکراوەتەوە**
**لیستی ناوی بەرهەمەکانی**

- 1963: La contre-révolution en Afrique
- 1964: Sociologie de la nouvelle Afrique
- 1970: Sociologie et contestation
- 1971: Le pouvoir africain
- 1975: Die Lebenden und der Tod
- 1976: Eine Schweiz - über jeden Verdacht erhaben
- 1980: Afrika - Die neue Kolonisation
- 1982: Das Schweizer Imperium
- 1986: Gegen die Ordnung der Welt

- 1987: Die Rebellen
- 1987: Baudelaire
- 1988: Genossen an der Macht - Von sozialistischen Idealen zur Staatsraison
- 1989: Der Sieg der Besiegten. Unterdrückung und kultureller Widerstand
- 1990: Die Schweiz wäscht weißer
- 1992: Marx, wir brauchen Dich
- 1993: Wie herrlich, Schweizer zu sein
- 1996: Das Gold von Maniema
- 1997: Die Schweiz, das Gold und die Toten
- 1997: Schuld ohne Sühne. Das organisierte Verbrechen in Europa
- 1998: Die Barbaren kommen. Kapitalismus und organisiertes Verbrechen
- 1999: Wie herrlich, Schweizer zu sein
- 2000: Wie kommt der Hunger in die Welt? Ein Gespräch mit meinem Sohn
- 2002: Die Lebenden und der Tod
- 2003: Die neuen Herrscher der Welt und ihre globalen Widersacher (MA-Journal)